# دووهەناسە بۆیەک قەفەزەی سنگ

شیعری: حەمەشوان شەریف

1_ مـــــــــــــــــــــــــن..
ماڵم پێش تۆ ، تەنیاتر بوو لەخۆم.

سێبەری گومڕایی سەری دەخواردم ولەگەڵ تەنیایی دا

دەگەڕام...
ماڵم چۆڵ ..
وەک دوولەپی دەستی درەختێکی پایز
لەحزوری شاعیرەکاندا دەگریام و
تفەنگم دەنا بەسەری خۆزگەکانی شوورەییدا.
من پێش تۆ..
لەگەڵ( بـــا) دا دەگەڕام و
گەڕیدەیەک بووم لەسفر،
ئەو( بـــــا) یە ڕێکەوت پاراستی و شەپۆلی کەناریٚ گرتیەوە
دەنا بێئاوڕدانەوەیەک
لەخوێنی تەنیایی دا دەگەوزا.
ئەوسا خانم ...نەک تۆ ..منیش ئاشنای ئەو(بـــــــا)یە نەدەبووم،
چەند مەملەکەتێکی بێدەنگەو چەند پایزێکی خەمناک
ئێـــــــــــــــــــواران..
لەبری گوڵ گومانم دەبردەوەو
لەبری نانش هەگبەیەک خەم،
بۆئەو ڕۆژانەی بشمردمایە
باش بۆنی نەدەکردم.
خانم پێش تۆ..
سۆزهەورازێک بوو بۆم
ئاوێنەک بوو ڕووچاڵ
کانیەک بوو ئاوم لیٚ نەدەخواردەوە
تۆرک بوو منی ماسی پێوە نەدەبوو _ 2
خەندەیەک بوو لێوەکانمی دەقڵیشاند،

تەرزەیەک بوو گوڵەکانمی دەوەراند.
خانـــــــــــــــــــــــم......
من زۆر جار لەدووی سەرم دەگەڕام و
ئاوازێکم بەپەنجەکانم بۆبەدبەختی لێدەدا
هەنوکەش....
بەفری شیعرم کۆم دەکاتەوەو
جێپێکانم لەخەڵوەت دەمشارێتەوە.!
سەیرە خانم،
گەرمۆمێ بەتەنیاهەڵکەی چ مانایەک دەبەخشێ
لەترس زیاتر!؟.
کەئێمەدووسێبەری لقەدارێک بین
لەدارستانێ گریان و
مەملەکەتێکی پەیڤ پێکهاتبین،
چما ئیتر ڕۆحمان دەچێدەناو پیاڵەیەکیی زگورتەوە،
ئاوێنەکانی خوربەت ؟
یاخود... دواهەناسەی گەردەلوولێکی ئێواران؟
یان بەتەنیا مردن؟
نا...نا، خانم ..
تازەئەوانە ماڵی ئێمەلەکوێ پێدەزانن،
ماڵی ئێمە.. نزیک هەورە
هاکا بۆنی بارانمان گرت.
وێنەی هەتاوێکی گەورەم بەدەرگاکەوە
لەخـــــــاچ داوە
ئەو دیوماڵی لاس و غەزال
ئەم دیوو ماڵی تۆو ماڵی منە.
ئەمئێستا...خانم
خاوەنی تۆ من
خاوەنی من تۆ..
ڕووبارێکین پڕ لەتافگە
کانیە کین پڕ لەنوقوڵی ترش وشیرین
ئێـــــــــــــــستا..
نەوەک جاران
خۆم دەدەمەدەست گومڕایی و

**نەلەگەڵ تەنیایی دا دەگەڕێم و**
**نەهەناسەکانم خەفەدەکرێ و**
**نەژوورەکەشم بەچۆڵی دەمێنێتەوەو**
**نە سەرینەکەشم تەنـــــــــــــــــــــــــــیا......** **سوید**